مەندەلاوی و فەیاز جەخت لەسەر تەواوکردنی ڕێکارە دەستوورییەکان و پێکهێنانی حکومەت دەکەنەوە

محسن مەندەلاوی، جێگری یەکەمی سەرکی پەرلەمان و فالح فەیاز، سەرکی دەستەی حەشدی شەعبی، ئەمڕۆ شەممە، جەختیان لەسەر تەواوکردنی ڕێکارە دەستوورییەکان و پێکهێنانی حکومەت کردەوە

ڕووسینگەی ڕاگەیاندنی جێگری یەکەمی سەرکی پەرلەمان، لە ڕاگەیەندراوێکدا باویکردەوە: "محسن مەندەلاوی، جێگری یەکەمی سەرکی پەرلەمان، ئەوارەی ئەمڕۆ شەممە، لەگەڵ فالح فەیاز، سەرکی دەستەی حەشدی شەعبی، کۆبوونەوە، ئەمەش لە چوارچێوەی زنجیرەیەک کۆبوونەوەی سیاسی بۆ ئامانجی ڕێکخستنی ڕێککەوتنی قەناغی دوای هەڵبژاردنی پەرلەمانی".

ڕاگەیەندراوەکە ئاماژەی بۆدا، "هەردوو لا پیرۆزبایی سەرکەوتنی پڕۆسەی هەڵبژاردنیان لە یەکتری گەیاندەوە"، جەختیان لەوە کردەوە، "ئەنجامە ئەستایەکان بەرپرسیارێتییەکی هاوبەش دەخاتە سەر هەڵە نیشتمانییەکان بۆ بەردەوامبوون لەسەر سازدانی خولی شەشەمی پەرلەمان و پێکهێنانی حکومەتی نوێ، بە شێوەیەک کە یارمەتیدەر بێت لە دەستپێکردنی قۆناغی سیاسی داهاتوو".

مەندەلاوی، بەپێی ڕاگەیەندراوەکە، جەختی لە "گرنگی چەسپاندنی ژینگەی تێگەیشتنی هاوبەش لە نێوان هێزە سیاسییەکان و پێویستکردنی دیالۆگی بەرپرسیارانە وەک بنەمایەک بۆ چارەسەرکردنی ئاڵنگارییەکان و پێکهێنانی دیدگایەکی سیاسی گشتگیر کە سەقامگیری ناوخۆیی بهێز بکات و پشتگیری لە قۆناغی

گۆشەپەدان بکات" کردەوە، ئاماژەی بۆشدا، "خەراکردن لە تەواوکردنی ئەکارە دەستوورییەکانی داهاتوو هەنگاوێکی یەکلاکەرەوەیە لە دنیابوونەوەی خەڵک و پاراستنی سەقامگیری و وەرگانی ئیرادەی دەنگدەران.